# تۆفیق عەزیز: بەنیازم تازەگەری لەبواری فۆتۆگرافی پیشان بدەم



تۆفیق وێنەگرە لەشاری سلێمانی دەربارەی چەند ڕووداوێکی سەیرو کارەکانی و بەشداری لەهونەردا ئاوا بۆ ڕۆژی گەل دەدوێ

*** جگە لەپیشەکەت وێنەگرتن ئایا وێنەی سەرنج ڕاکێشت گرتووە لات مابێتەوە؟**

_ وێنەی زۆر شتی سەرنج ڕاکێشم گرتووە چونکە ڕۆژانە چاودەگێڕم بۆ زۆر شوێن دەچم بۆ نمونە وێنەی منداڵێکم گرتووە چاوێکی شینەوە چاوەکەی تری ڕەشە وە برۆکانیشی برۆیەکی زەردەو برۆیەکی ڕەشە.

*** ئەو وێنە دەگمەنانە تائێستا لەپیشانگا نمایشت کردون؟**

_ خۆی لەئیتاڵیا زیاتر بەوێنەی ئەرشیفی شانۆکارانی شاری سلێمانی بەشداریم کرد بەڵام ئەو وێنەیەشم نمایشکردوە

*** ئەی چ وێنەیەک بەلاتەوە جوان بوە؟**

_ کاتێک دەبینم مزگەوت ماڵی خودایەو ەرنج دەدەم کەس بڕوای بەوەی کەنیە تا پێڵاوەکانی بەرێتە دەر هەر کەسێکیش دەڕواتە دەرەوە یا دێتە ژوورەوە بەسەر سەریەوە هەڵی گرتوە نەدەبوایە وابێت دەبوایە لەشاری سلێمانیا ئەو دیاردە ناشرینە نەبوایە بەشێوەیەکی تر بووایە چوونکە مرۆڤ پایەیەکی بەرزی لەژیانا هەیە.

*** لەم ڕۆژانەدا دوو وێنەت گرتووە هەردووکیان دوو تابلۆی جوانن تائێستا هیچ کەس لەبارەی ئەو وێنانەوە پرسیاری لێ نەکردوی؟**

_ من دەمەوێ لەبواری فۆتۆگرافیدا کاری هونەری نوێ بنوێنم و پیشان بەخەڵکی بدەم چونکە ئەو سەردەمانە بەسەرچووە دەبێ شتی نوێ بێتە ئاراوە جاران پیشانگاکان لەبارەی سروشت و پورترێتی کەسیەتی و کە سەرنج ڕاکێش بێت، زۆر شتی جوان شاراوەن وارەنگەکان لە زۆر شێوازی تردا دەر دەکەون کەدەتوانی بەزوومی کامێراکەت بیاندۆزیتەوە کە ئەم بوارە پێشکەوتنانە لەبواری شێوەکاریشدا هەیە، بەڵێ زۆر کەس وایانزانیوە تابلۆی مامۆستای گەورە هونەرمەند (عەلی لەتیف)ە

*** ئەی نیازی کردنەوەی پیشانگای نوێت نیە؟**

_ بەڵێ نیازم هەیە تازەگەریەک لەبواری فۆتۆگرافیدا پیشان بدەم لەرێگای پیشانگایەکەوە کە بەم زووانە دەیکەمەوە خۆم بۆ ئامادە کردووە کەلەچەند وێنەیەک خۆی دەبینێتەوە.

*** بۆچی ئێستا کاری بەشداری کاری هونەری نواندن ناکەی؟**

_ بەبۆنەی پیشانگا فۆتۆگرافیەکەمەوە کەئامادەی دەکەم کاتەکەم کەم بۆتەوە، وە بەنیازم بەشداری لە درامایەک.

تۆفیقی وێنەگر لەچەند دێڕێکدا........

* تۆفیق عەزیز ئەحمەد ناسراو بەتۆفیقی وێنەگر، لەساڵی ١٩٧٣ لەکانێسکان بووە، دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆیەو لەساڵی ١٩٩١ وە کاری فۆتۆگراف دەکات، لەساڵی ١٩٨٤ەوە کاری کردووە لەشانۆدا دوو پیشانگای لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی کردۆتەوە، لەشاری سینیا لە ئیتاڵیا بەشداری پیشانگای فۆتۆگرافی کردووە لەشاری شتوگارت لەئەڵمانیا بەشداری پیشانگای فۆتۆگرافی کردووە، ئێستاش ئەندامی یەکێتی وێنەگرانی کوردستانە.

**ئا/ ڕێبوار مەحمود**

## پەروین شازادە: سەرقاڵی درامایەکم دەرهێنان و سیناریۆی هی خۆمە

لە سەردانێکی پەیامنێری (ڕۆژی گەل) بۆ لای هونەرمەند پەروین شازادە بۆ وە دەست کەوتنی چەند وەڵامێک لەسەر دواین کارە هونەریەکانی، ئەویش لەوەڵامدا وتی: لەراستیدا ئێستا خەریکی خۆئامادە کردنم بۆ بەرهەم هێنانی ئەلبومێکی تازە کە ئێستا کاری جدی بۆ ئەکەم وەزارەتی ڕۆشنبیریش لەڕووی مادییەوە هاوکاری کردووم وەهەروەها سەتەلایتی (نەوزۆز سات)یش ئەرکی وەبەرهێنانی گرتۆتە ئەستۆ. ئەم ئەلبومە تازەیەم بەناوی (ناخی دڵە) لە هەشت تراک پێک هاتووە هەریە ک لەتراکەکان (بێ ئومێدی ئاوازو هۆنراوەی فۆلکلۆرە، گلەیی لەکەس ناکەم ئەویش ئاوازو هۆنراوەی فۆلکلۆرە)، شعرێکی فازل شەکرۆکم کردووە بەگۆرانی و ئاوازەکەشی هی هونەرمەند کەریم گوڵانیە بەناوی (کوڵە مەرگ) باقی ئەوانی تر فۆلکلۆرە وەهەروەها رای گەیاند سەرقاڵی درامایەکە دەرهێنان و سیناریۆی نوسینی خۆیەتی و بەناوی (سۆزی جەرگ) کارەکانی ئەم درامایە ئامادەیە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری وەستاوە و چاوەرێی وەڵامی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەم.

## دلێر بەرزنجی لەچەند کارێکی نوێ دا

پاش بێ دەنگیەکی زۆر دلێر بەرزنجی بە بەرهەمێکی جوان هاتەوە نێو جەماوەر هەر بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی گەل پرسیاری لێکرد : ئاوازو هۆنراوەی گۆرانیەکانت هی کێیەو چەند لەبەرهەمەکانت تەواو بووە و کێ لەڕووی ماددیەوە هاوکاری کردوویت؟

لەساڵی ٢٠٠٠ چەند بەرهەمێکم لەگەڵ گروپی نالی تۆمارکردوەو ئێستاش سەرقاڵی سێدیەکەم و دوو گۆرانی تەواو بووەو لە هەشت تراک پێک دێت و شیعری شاعیران (عبدالرحمن بێلاف، فەرید مەخموری، فازل هەژار، حمە سعید ابراهیم)ە وە ئاوازەکانی خۆهی خۆمەو هەریەک لە مامۆستا جەمیل سنجاری، جەمال جەمیل حەسەن غەریب ئاوازیان بۆ داناوم و ئێستا دوو بەرهەمم تەواو بووە یەکێکیان سرودە ئەوەی تریان گۆرانیەکی خاوە وەهەروەها لەستۆدیۆی میلۆدی کاری بۆ ئەنجامدراوە لەلایەن ئەندازیاری دەنگ ئاکۆ عمرەو هێمن حسێن بەکیبۆرد بەشداری تێداکردووە، دلێر بەرزنجی وتی بەرێوەبەرایەتی وێژەیی کوردی بەڵێنی کلیپێکیان پێمداوە بەتایبەتی مامۆستا تەلعەت سامان وەهەروەها ئەگەر لەبواری ماددی توانیم ئەوا پێم خۆشترە کلیپەکەم لەدەرەوەی وڵات بێ باشترە وەهەروەها ڕاشی گەیاند کە بەنیازە هەندێک لەبەرهەمە کۆنەکانی دووبارە بکاتەوە بەستایلێکی نوێ، وتیشی تائێستا بۆندم لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەک نەکردووە بۆ بڵاو کردنەوەی بەرهەمە هونەریەکانم، وەهەروەها لەکۆتای وتەکانیدا زۆر سوپای ڕۆژنامەی (ڕۆژی گەل)ی کرد کە هەردەم لەخزمەتی هونەرمەندانەو سوپاسی ئەوەشی کرد کە بەسەریان کردۆتەوە وە هیوای سەرکەوتنی بۆ ستافی ڕۆژنامەکەمان خواست و هیوای خواست سەرجەم ڕۆژنامەکانی تر لەخزمەتی هونەرمەندان بن.

## دڵنیا قەرەداغی و کلیپێکی نوێ



هونەرمەند دڵنیا قەرەداغی لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا بە ڕۆژنامەی (ڕۆژی گەل) ی ڕاگەیاند دوای ماوەیەک کارکردن ئێستا ئامادەکاری بۆ بەرهەمهێنانی کلیپێکێ نوێی دەکاو ئاوازو هۆنراوەی بەرهەمی ئەم کلیپە هی هونەرمەند خۆیەتی و زیرەک حمە ئەمین کاری دابەشکردنی بۆ کردووە وە هەروەها ئەم کلیپە بەشێوەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش وێنەی بۆ گیراوە لەلایەن (موسلیم ئەبوبەکر)و (جوامێر عوسمان)، لەبارەی دیمەنەکانی ناو ئەم کلیپە دڵنیا قەرەداغی پێی ڕاگەیاندین کە سود لەشاری هەولێر وەرگیراوە بۆ دیمەنەکانی ئەو کلیپە، کاری وێنەگرتنی تەواو بووەو ئێستا کاری مۆنتاژی بۆ دەکرێ. هیواشی خواست کارەکانی بەدڵی جەماوەرەکەی بێت و بەرهەمی جوانتریان پێشکەش بکات،

دڵنیا قەرەداغی لە کۆتای وتەکانیدا زۆر سوپاسی (ڕۆژی گەل) ی کردو هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆخواست.

**ئا/ ڕەوەند حاجی**



**ژنی** بەرپرسێکی گەورەی کوردستان لە نەخۆشخانەی لە دایکبوونی هەولێردا کچێکی دەبێ، بەوهۆیەوە سێ دەفتەر دۆلار بەسەر کارمەندانی نەخۆشخانەکە دابەش دەکات. دەستی خۆش بێ و کارێکی باشی کردووە، بەڵام تۆ بڵێی ئەو دەفتەرانە بە مووچە کۆ کرابنەوە!!

**بەرپرسێک** کە بۆخۆی لە هیکەوە وەک قارچک هەڵتۆقیووەو تەلار و باڵاخانەی قوت کردۆتەوەو سامانێکی سەیری کۆکردۆتەوە، لەیەک کاتدا هەم بەرپرسەو هەمیش بازرگان لە ماڵپەڕیکدا نیگەرانی خۆی بەرانبەر گەندەڵی دەربڕی بوو، گوتبووی: مەسئولیەت و تیجارەتیان نەگوتووە، دەبێ لێپرسینەوە لەو بەرپرسانە بکرێ کە سامانیان کۆکردۆتەوەو بازرگانی دەکەن!!

**تا ئێستا** حزب و حکومەت ماڵی خۆیان نەکردووە، حزب زەوی دەوڵەت داگیر دەکات، حکومەت بۆی تاپۆ دەکات. حزب خانوو دروست دەکات، حکومەت بە کرێ دەیگرێ و مانگانەی خەیاڵی پێدەدات!

**سەرکردەیەکی** پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتDTP کە تورکیا بە جیاخواز و لایەنگیری **پەکەکە** تۆمەتباری دەکات، لە نووسینێکدا دەڵێ: تورکیا لە ژێر مەترسی پەیمانی سیڤەر دایەو دەبێ میساقی میللی بپارێزرێ. ئەو پاراستنی میساقی میللی بە چارەسەر بۆ کێشەی کورد دادەنێ، میساقی میللی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی تورکیایە کە ویلایەتی موسڵیش لە خۆ دەگرێ، واتە مەبەستی ئەوەیە باشووری کوردستان بۆ سەر تورکیا بگەڕێتەوە!

**کەسێک** کە بەردەوام باس لە مەدەنیەت و سیستەمی دیموکراسی دەکات، لەبەرانبەر پرسیاری وڵاتییەکدا دۆش دا مابوو، دوایی گوتبووی: ئەگەر کوردستان بوایە، دەمزانی چۆن سەری لە قەبری باپیری دەنێم!

**پێگەیەک** هەموو کەس و لایەنەکان ڕەت دەکاتەوە، هێڵی ڕاست و چەپیان پێ دا دێنێ،کەچی لەبەرانبەر هەڵە و کێماسی و گەندەڵیەکانی لایەنێک چاو دەنوقێنێ کە بەخێوی دەکا، هەم پارە هەمیش زانیاریی لێوەردەگرێ!




## ١٦ ساڵ حکومەت، ١٦ سەعات کارەبا

کابرایێک دەیگوت: خاوەن مولیدەیەک پێی گوتم " من ڕۆژانە ٨ کاژێر کارەبات پێدەدەم، نە داوای دەنگت لێ دەکەم، نە دەتگرم، نە بودجەی شەش ملیاریش لە حکومەتی مالکی وەردەگرم، نە لە بەغداوەش کارەبام بۆ یەت، نە منەتیشتان لەسەر دەکەم، نە سیمینارو کۆڕیشتان بۆ دەبەستم و کاتتان دەگرم، نە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیشدا خۆم هەڵدەکێشم، نە دەشڵێم منی حکومەت باوک و سەردارو سەرۆکتانم، بەڵام ئەگەر مولیدەکەم چرکەیەک بکات، ئێوە ناوم دەنێم کارەبای چرکە!!"

کابرا دەیگوت: قسەی ئەو خاوەن مولیدەیە زۆر کاری لێکردم، شەوێک تا بەیانی بیرم لە قسەکانی کردەوە، ئاخر ڕاستی دەکرد، ئەو بە مولیدەیەکی بچووکەوە هیچی لەو حکومەتە کەمتر نیە کە تەمەنی بەرەو شازدە ساڵان دەڕوات! ئاخر حکومەت لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا بە دەیان ملیار دۆلاری لە عێراق بۆ هاتۆتەوە، کاتی خۆیشی بە بیانۆی دابین کردنی کارەباوە داهاتی هەموو گومرگەکانی هەڵلوشی، کەچی ئێستا منەتمان بەسەرەوە دەکات و دەڵێ ١٦ سەعات کارەبات بۆ دابین دەکەم، ئەو ناڵێ ٨ سەعات هی خۆمە و هەشتیش هی برا بچووکەکەمە!

کابرا دەیگوت: ئێستا لە سایەی سەری ئەو حکومەتە خزمەتگوزارەوە!! بڕیاروایە لە ٢٤ کاژێردا، ئێمە بتوانین ١٦ کاژێری بەردەوام ژێراوژێر لە تەلەفزیۆنە پڕ هەواڵەکان بڕوانین!!. بەڵام کابرایێک کە پێدەچوو لە لایەن حکومەتەوە دەمی چەور کرابێ، لێ بەدەنگ هات و گوتی : لێت قبور ناکەم، قسەی بەو حکومەتە ڕێی، خوا دەتگرێ!! ئەنگۆ بە چ ڕازی دەبن؟! ئەگەر ئەو ١٦ سەعاتەشتان نەداتێ، چتان پێ دەکرێ، ئەنگۆ لۆ هەندە بەد نمەکن؟!

کابرای گۆڕین لێی وەرگرتەوەو گوتی: مەڵێ ١٦ سەعات، بڵێ ٨!! ئاخر ئەم حکومەتە منەت بە ڕیشی دیترانەوە دەکات!، مولیدە ئەهلیەکان ٨ سەعات کارەبامان پێدەدەن، حکومەتیش بەو ٦ ملیار دۆلارە + ئەو بڕە کارەبایەی کە بەغداد بەخێر بۆمان ڕەوان دەکات + ئەو کۆمەک و هاوکاریەی کە ئەمریکا و کۆریاو هاوپەیمانانی بە ناوی کوردستانەوە پێی دەدەن+ بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان+ ئەو کارەبایەی کە تورکیاو ئێران بۆیان ڕەوانە دەکەن ئەوجار هەشت سەعات کارەبای فەلم پێدەدات!!

کابرا دەیگوت: مەسئولەکان بۆ خۆیان کارەبای فولیان هەیە، تەنانەت سپلیتیان لە ژووری سەگ و تاوس و ئاسکەکانیان داناوە. کارەبای بەردەوامیان بۆ ڤێللاو کۆمپانیاکانیشیان مسۆگەر کردووە. ئەوان تێرن و ئاگایان لە برسیان نیە، بۆیە وا دەزانن خێرمان پێدەکەن و دەیانەوێ هەموومان بچینە بەر دەرگەیان چەپڵەیان بۆ لێبەین و پێیان بڵێین سوپاس حکومەتی باوک سوپاس!! لەبەر بەرژەوەندی میللەت لە دەمی خۆت دەگریتەوەو شانزە سەعات کارەبامان پێ دەدەی! وەڵام برا ئەمە نەک سوپاسکردنی لێناوەشێتەوە بەڵکو دەبی لە دەنگدانددا حیسابیشی لەگەڵدا بکەین!

کابرایکی دیکە لە مەجلیسەکە دانیشتبوو، گوتی: براینە با بڕۆین، ئەگەر هێزەکانی حکومەت بزانن چەند کەسێک کۆبووینەتەوەو باسی کارەبا دەکەین، گەمارۆمان دەدەن و قۆڵبەستمان دەکەن، دوایی تەلەفزیۆنەکانیان دەڵێن: ژمارەیەک تیرۆریست گیراون، دانیان بەوە داناوە کە دەستیان لە تەقینەوەکانی ئەم دواییەی کوردستاندا هەبووە!

پێشمەرگەیەکی دێرین